www.kurdistannet.org

# ئیسلامی بناوانگر دوژمنە تازەکەی کورد

بەدران ئەحمەد حەبیب

لەناخی دڵەوە حەزدەکەم ئەوانەی کارە تیرۆریستییەکانی ڕۆژی یەکەمی جەژنی قوربانیان لە هەولێر ئەنجام دا، کورد نەبن. حەزدەکەم عارەبێکی یەمەنی یان ئوردنی ئەو کارەی کردبێ، یان یەکێک بێ لەوانەی لە قوتابخانە تیرۆریستییەکانی تۆرابۆرا فێری دژایەتیی مرۆڤ و ژیانی سەر زەوی کرابێ، حەزدەکەم خەڵکێکی ئاوها تاوانەکەیان کردبێ نەک ڕۆڵەی خێزانێکی کوردی. زۆر حەیفە کوڕی میللەتێکی ستەمدیدەی وەکو کورد کە نەتەوەکەی بەدرێژاییی مێژوو لە دەستی ستەم و زۆرداری هەدای نەداوە و سرەوتی نەبووە، ئاوا دڕندانە بەربێتە گیانی هاوخوێنەکانی و لە ڕۆژی خۆشی جەژندا تاوانێکی وا گەورە ئەنجام بدات و بیکات بەڕۆژی ماتەم. بەڵام چەندیش بیردەکەمەوە و سەردەهێنم و دەبەم بۆم شی نابێتەوە کە ئەو تاوانبارانە هەرکێ بن یان لە هەر جێیەکەوە نەخشەیان بۆ ئەو کارانە کێشابێ و خەڵکیان بۆی ناردبێ، دەستە و تاخمێکی خۆفرۆش یان لایەنگەلێکی کوردی یان چەند گەنجێکی کەرکراو بەڕژاندنی خوێنی خۆ و خوێنی خەڵک لەپێناو گەیشتن بەبادە و حۆرییەکانی بەهەشت، یارمەتییان نەدابن و ڕێی چوونەژوورەی بارەگای لقی ٢ و مەڵبەندی ٣یان پێشان نەدابن.یان هەر بگرە بەتەواوی نەخشەکەیان بۆ جێبەجێ نەکردبن.

ئەمانە و، گەورەییی تاوان و کارەساتەکە وامان لێ دەکات ئەمجارە تۆزێک بێ ترس و سڵەمینەوە پەنجە بخەینە سەر پرسی سەرهەڵدان و گەشەکردن و پەرەسەندنی بیری توندوتیژی و لاڕێ گری لە کوردستادا. ئەوەی زۆر بەرچاوە و جێی نکوڵی نییە ئەوەیە کە ئیسلامی سیاسی لە کوردستان لە دوای ڕاپەڕینەوە بووە بەمایەی مەترسی بۆ ئەزموونەکەمان. وەک تابووری پێنجەم بوونەتە دەسکێشی دوژمنان و ناحەزانی ئەزموونەکە. لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢دا کەوتنە بانگەشە بۆ چەواشەکردنی خەڵکی کوردستان و دەیانگوت دەنگدان بەبەرنامەی پارتی و یەکێتی دەنگدانە بە(بەرنامەی کوفر). دەبوایە ئەو کاتە بەرەوڕوویان ببنەوە نەک بمێنێتە ئەمڕۆ. ئەم ڕەوتە سیاسییە لەو کاتەوە ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی سەندووە و بەچەندان شێوە ژەهری خۆی بڵاوکردووەتەوە و توانیویەتی خەڵکێکی زۆر پەلکێش بکات تاوەکو بەئاراستەی ئەو کار بکەن یان بانگەشە بۆ بیر و مەرامەکانی بکەن. زۆر بێ شەرمان بۆ (إستفزاز) تیزابیان بەخوشک و کچ و خێزانەکانمان دادەکرد و ئێمە پێ دەکەنیین.

ئیسلامی سیاسی لە کوردستان مێژوویێکی چەوت و پێچەوانەی داخواز و خەمە نەتەوەییەکانی کوردی و ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردەواریی هەیە. مەلا و پێشەوا ئاینییەکانی کوردستان کە دەبوایە ئەوان بەر لە حزب و ڕۆشنبیرە نەتەوەیی و عیلمانییەکان بکەونە بەرەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسلامی بناوانگر (أصولی) و هەقیقەتەکانیان ئاشکرا بکەن کە ئەمانە ئایینەکە بەکار دەهێنن بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و گەیشتن بەمەرامی دنیایی، لەپێناوی ئەمانەشدا لاریان نییە دنیا خراپ بکەن و هەموو کارێکی دوور لە ڕەوشتی مرۆڤانە ئەنجام بدەن، هەروەها بوونەتە مایەی دزێوکردنی ئایین و کردنی بەسەرچاوەی مەترسی بۆ سەر ژیانی موسڵمانان خۆیان. پیاوانی ئاینی نەک هەر ئەمەیان نەکردووە، بگرە بەداخەوە هەندێکیان لە وتار و دووانەکانی ڕۆژانی هەینی یان قسە و ئاخاوتنەکانی ڕاگەیاندن و بۆنەکاندا دژایەتیی ئەزموونەکەیان کردووە و، نەیانشاردووەتەوە کە داخ لە دڵی چارەنووسی گەشی کوردستانن. هەندێکیان لەم چەند هەفتەیەی ڕابردوودا قسەیان بەئاراستەی سووک و بێ نرخ پێشاندانی فیدرالیەت کردووە کە ئەمە داوا و ئامانجی تێکڕای خەڵکی کوردستانە و بووە بەمەسەلەیەکی پیرۆز لامان.

لەوانەیە هەندێکیان هەست بەوە نەکەن کە ئەو ئاخاوتنانەی دژ بە بەرپرسیار و دەسەڵاتی کوردی لەو بۆنانەدا دەیکەن چەند کاریگەریی نالەباری هەیە بۆ سەر بیرکردنەوە و دەروونی ئەو گەنجانەی لەبەردەمیان دانیشتوون. ڕەنگە لەناو ئەو گەنجانەدا هی وا هەبن لە چەندان پێویستی و داخوازەکانی ژیان بێبەش بن و، ئەم هاندانە بەئاسانی بیکات بە کێڵگەیەکی ئامادە بۆ چاندنی تۆوی بەربەرەکانێ و دژایەتیی ئەزموونی کوردی و

نێچیرێکی نەرمەقووتی دوژمنە نەرێتییەکانمان. دەبوایە پیاوانی ئاینیی کوردستان هانی لاوان بدەن بۆ کۆبوونەوە لە دەوری دەسەلاتی کوردی و کارکردن بۆ بنیاتنانی ژیانێکی گەشاوە و رازاوە لە کوردستاندا. ئەم پیاوە ئاینییانە زۆریان لە رواڵەتدا ئەندام و دڵسۆز و لایەنگری حزبە نەتەوەییەکانیشن، بەڵام ئاخاوتنەکانیان بوونەتە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسیی بناوانگر و توندڕۆ شاگەشکە بکەن و وایان لێ بکەن ئەمان هەست بەسەرکەوتن بکەن کە گوێیان لە ئاخاوتنەکانی هەندێکیان ببێ. بێ ئەزموونیی زۆربەی کادیر و بەڕێوەبەرانی ئەزموونەکەشمان لەولاوە بووەستێ کە بێباکانە بەرامبەری ئەم بارە دانیشتوون و سەیردەکەن. لە ولاتە ئیسلامییەکانی وەک ئێران و سعوودیەدا پیاوانی ئاینی ئەو ئازادییەیان نییە کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیانە و، هەمووشمان مێژووی دەوڵەتی ئیسلامیمان خوێندووەتەوە و، دەزانین لە هەموو سەردەمەکاندا وتاری هەینی لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە بالاکانی ولات دەرنەچووە و، بەپێچەوانەی دەسەلاتی سیاسی نەجوولاوەتەوە.

حزبە ئیسلامییەکانی کوردستانیش، هەرچەندە بێ حیساب لەلایەن سەرکردایەتیی نەتەوەییەوە موجامەلە دەکرێن و رێزیان لێ دەگیرێ و دەرفەتی کارکردنی بێ سنوور و بودجە و پۆستی حکوومەتییان پێ دەدرێ کە ئەمانە هەمووی بەرهەمی خوێنی شەهیدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دیموکراسین نەک بزووتنەوەی بناوانگری ئیسلامی، بەڵام وێڕای ئەمانەش دژایەتیکردنی ئەمانە بۆ ئەزموونەکە چرکەیەک نەوەستاوە و وەک ئاگری بن کا لە پەرەسەندندایە و، هیچ لێ پێچانەوەیەکیش بۆ هیچ کار و رەفتارێکیان نەبووە و، وەک دەوڵەتی ناو دەوڵەت کاریان کردووە. بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق قوتابخانەی پێگەیاندنی تیرۆریستان بووە و، هەموو باڵە توندڕۆکان لەوێ تروکاون و سەریان دەرهێنانەوە و جیابوونەتەوە. لە دوای راپەرینەوە ئەمە شتێک نییە کەس نەیزانێ بەڵام بەداخەوە ئێمە دانیشتووین و سەیر دەکەین. تەنانەت نامانەوێ بەئاشکرا باسیشیان کەین.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەو بزووتنەوەیە لەناو خۆیدا سەبارەت بەمەسەلەی رادەی توندڕۆیی و توندوتیژی، بەردەوام دوولەت و سێ لەت بووە و، هەردوو حزبە گەورەکەی کوردستانیش بەردەوام ئەم باڵ یان ئەو باڵیان لەباوەش کردووە. یان ئەمیان گرتووە و ئەویتریان بەرداوە. ئەمەش زیاتر بووە بەهاندەر بۆیان تا بێباکانەتر هەڵسوکەوت بکەن و لە هیچ سنوور و لەمپەرێک نەپرینگێنەوە. ئەوەی جێی گومان نییە ئەوەیە کە راگەیاندنی هەردوو حزبە سەرەکییەکە هێندەی بایەخیان بەناشیرینکردنی یەکتر داوە، ئەگەر نیوەهێندە یان دەیەکی ئەوە بایەخیان بەپەردە هەڵماڵین لە رووی ئەمانە بدایە کارەکە بەمڕۆ نەدەگەیشت.

نەک هەر ئەمە، ئێمەمانانی کادیرانی راگەیاندنی کوردی بەردەوام لە ترسی لێپێچانەوەی حزبەکانی خۆمان نەمانتوانیوە باسی رەفتاری دژەکوردانەی ئەم باڵە ئیسلامییە نامۆیانە بەکۆمەڵی کوردەواری بکەین. بەپێچەوانەوە ئەگەر جاروبارێ نووسەرێک شتێکی بەپێچەوانەی بیری گەندەڵی ئەمانە نووسیبێ، ئەوا دەرگەداخستن بەرووی ئەم نووسەرانەدا کەمترین سزا بووە. ئیتر تا گەیشتین بەم حاڵە.

رۆژانە لە مالان و مزگەوتان و بازێڕ و ناو تەکسی و هەموو شوێنێکدا گوێمان لێ دەبێ و دەبینین ئەمانە چ ژەهرێکی کوشندە دژی کوردایەتی بلاو دەکەنەوە و، ئێمەش ناتوانین بەرەورووویان ببینەوە. یان چۆن بەهۆی نەبوونی هیچ بەرنامەیەکی حکوومەتی هەرێم و هەردوو حزبە گەورەکە (پارتی و یەکێتی) بۆ لاوان و هەرزەکاران، ئیتر گۆڕەپان چۆڵ بووە بۆ تەراتێنی ئەمانە و، چۆن بەهەزاران لەم لاوانە لە خشتەدەبن و دەیان خلیسکێن بەرەو هەڵدێری چارەنووسە تاریکەکان.

توندڕۆکانی کوردستان زیرەکانە کاردەکەن، نەیانویستووە نێوانی خۆیان و بزاڤی نەتەوەیی بەیەکجار تێک بدەن و (داوی معاویە) دەهێڵنەوە، چونکە دەزانن ئەم تێکچوونە دەبێ بەهۆی تێشکانیان لەنیوەی رێگەدا، بۆیە پەرەسەندن و بەبەرەوەچوونیان بەشێنەیی و ژێربەژێرییە و، کارە تیرۆریستییەکانیشیان ناوبەناوە بەڵام ژەهرڕژاندنیان بەردەوامە، وەک کە پەندی کوردی دەڵێ (ئاگری بن کا بۆنی نایێ)، کەس هەست بەپەرەسەندیان ناکات. لەم رۆژانەدا کە سەرتاپێی هەولێر لە پرسە و خەمباریدایە و، پۆل پۆل خەڵک روودەکەنە مزگەوت و

مالآن بۆ پێشکێش کردنی پرسە و سەرەخۆشی لە خێزان و کەسوکاری شەهیدە سەربەرزەکانمان، گوێمان لێیان دەبێ هانی خەڵک دەدەن و دەڵێن نەچن بۆ پرسەی ئەم بێ دینانە.

بزاڤی نەتەوایەتیی کوردی دەبێ لەوە بکۆڵێتەوە کە دوژمنانی مافەکانی کورد تەنیا دوژمنە نەریتییەکانی کوردستان نین کە بریتی بوون لە شوڤینیستانی نەتەوە سەردەستەکان، ئەمڕۆ دوای ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ بەهۆی دابەشبوونی دنیا بۆ دوو بەشی تیرۆریست و ژیانویست و، بوونی کورد لەبەرەی ژیاندا ئەم دوژمنە تازەیەیشی بۆ دروست کردووە. لەمەشدا دیارە هەموو دوژمنانی زانست و پێشکەوتن و ئەمەریکا و ڕۆژئاوا بەگشتی بوونەتە دوژمنی ئێمە. نابێ وەک (نەعامە) تەنیا سەری خۆمان بشێرینەوە، پشتمان بەدەرەوە و لەبەرچاوی خەڵک بێ، کەچی خۆمان هیچ نەبینین. ئێستا دەسپێکی قۆناغێکی تازە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی پێ کردووە و نابێ وا بیربکەینەوە کە مەسەلەی تیرۆر مەسەلەیەکی کاتییە و بەجێگیربوونی حکوومەتی تازەی عێراق ئەمن و ئاسایش دابین دەبێ و تیرۆریستان ریشەکێش دەبن. ئاشکرایە کە ئەم بۆچوونە بووچوونێکی کورتبینانەیە و هەویری تیرۆریستان زۆر ئاو دەکێشێ. ئەمانە دوژمنە تازەکانمانن با سەریان پان کەینەوە تازووە، بەر لەوەی ئەوان سەری ئێمە پان بکەنەوە.